# دوو برا

نووسینی: ئەنجل کارالیتشف
گۆرینی: مولود خلیفانی
کۆلیجی پەروەردە زانکۆی بەغدا

گۆرین و بیتکۆ، دوو کورەکەی ئیلینی پیر، لەسەر میراتی باوکیان ناکۆکیان لە نێواندا پەیدا بوو، هەریەکێکیان دەیویست بەشی زۆرتری بەرکەوێت . .

ئێوارەیەك ، ئەوەندە نەمابوو وەك گورگ دەم بنێنە لەشی یەکترەوە، پیرە بانۆی ریش دان وماش رووی تێ کردن و پێی وتن: شەرم لە خۆتان ناکەن . . جاری گوڵ لەسەر گۆری باوکتان وشك نەبووە ، ئێوە لەسەر میرات بووەتە جەنگتان . باوکتان پیاوێکی باش و دادپەروەر بوو و هەمیشە بەرگری لە خەڵکی دەکردو خەڵکیش زۆر رێزیان دەگرت . . باوەرتان بێت، خەڵکی دێیەکە بەهۆی باوکتانەوەیە بەم جۆرە رێزتان لێ دەنێن و بەردەوام بەسەرتان دەکەنەوە . . با دڵتان لە یەکتری پاك بێتەوە . . ئێوە بران، بامالی دونیا چیاتان نەکاتەوە . . دەست بخەنە دەستی یەکترەوە»،

دوو کورەکەی ئیلین سەریان بۆ بانۆی پیر دانەواندو . . گۆرین سواری ئەسپە رەشەکەی بوو و بەرەو پەرێزەوە تاوی دا . . لەوێدا بینی وا سەپانەکان ، کەئارەق دڵۆپ دڵۆپ لە نێوچاوانیانەوە دێتە خوارەوەو چل وبەرگیشیان ، لەسەر پشت دا، دەڵێن کەفیان گرتووە، بە دڵی خۆشەوە دەستیان بە گۆرانی کردووەو سەدای بەستەش ل دۆڵەکانی خوارووەدا دەنگ دەداتەوە .

گۆرین ، هەناسەیەکی قووڵ و گەرمی خەفەتبارانەی هەڵکێشاو لەپرێکا دای لە جلەوی ئەسپەکەی و رووی کردە دارستانی سەندیان . لەوێدا، لە نزیك کانیاوێك دابەزی و کەمێك ئاوی ساردی خواردەوەو پشتی دایە کلۆرە دارێك و لە دونیای بێ بنی ئەندێشەوە جێی نەدەبووەوە . ؟!

پاش کەمێك ، مێروولەیەکی زۆر بچووکی بینی خەریکی پالدانی شتێکی خرپلەی سپی بوو، دەلەوەندەی خۆی دەبوو ، هەرچی دەیکرد، بۆ پاڵ نەدەدرا .

ئەوەندەی پێ نەچوو مێروولەیەکی تری وەك خۆی بچووك لە لایەوە ئامادەبوو وەك بڵێی برای بێت ، لەگەڵی دا دەستی بە پالدانی کردو ، زۆر بە ئاسان پاڵیان دا .

گۆرین لە حیکمەتی ئەم دوو مێروولە بچووکە (برا)یە سەرسام بوو . . قووڵ بیری کردەوە . تاریکی و کەمبینی بەری چاویان بەردا ! !

بیتکۆی برای گۆرینیش ، لە هەمان کات دا، کە بینی براکەی ئەسپە رەشەکەی تاودا ، ئەمیش خۆی و دوو هەڵۆکەی ، رووی لە کەندالەکەی بەردێیەکە کردو لە سەر کەندالەکە لەژێر نسەیەك دا دانیشت . . بە چاوە قەتیسماوییەکانیەوە ئاسمانی شینی بێ گەردو رەزی تەلان و چەم و دارستان و دەشتایی ئەوناوەی دەپێوا ! ! لەناکاودا، بازێکی گەورەی پینی زۆر نزم لەم ناوەدا دەخولایەوە . . وا دیاربوو بەشوێن نێچیر بۆ دوو فەرخە بچووکە برسییەکانیدا، کەچاوەروانییان دەکرد، دەگەرا .

ئەو ناوە کپ و بێ دەنگ بوو . . وەك بڵێی هەموو گیانلەبەران خۆیان لە ترسی (پادشا)ی زۆردار شاردبێتەوەوابووا !

بیتکۆ تەماشای ئەم زۆر دارەی کردو، پاش کەمێك ، هەڵۆیەکی بۆ بەرداکە وەك برووسکە بۆی چوو . لەئاسماندا بوو بە شەریان و پەرە سپییە خوێناوییەکانیان بەری ئاسمانیان گرت ! !

کاتێ بیتکۆ زانی هەڵۆکە بۆی ناکرێ بازەکە ببەزێنێ و خەریکە خۆی دەبەزێ ، هەڵۆکەی تری بەرداو، پێکەوە گشت لەشی بازەکەیان خوێناوی کردو ، پێش ئەوەی گیانی دەربچێت ، وتەیەکی کرد، وەك ئەوەی بڵێ خۆزیا برایەکی باڵ بەهێزو دەنووك تیژم دەبوو ، ئێستافریام دەکەوت و رزگار دەبووم» ! !

ئینجا چۆن بەرد لەئاسماندا دەکەوێتە خوارەوە، ئاوا بەربووەوەو تەپەی لە دۆڵەکەدا دەنگی دایەوە ! !

بیتکۆ لە دڵی خۆیدا وتی : «پیاو لەم دونیایەدا ئەگەر برایەکی نەبێت ، دەبێ برایەك بۆخۆی بدۆزێتەوە» .

ئەمەی وت و خێرا بەرەوماڵەوە رایکرد . . بینی برا گەورەکەی لەبەر دەرگای ماڵەوەدا چاوەروانی دەکات . . بۆی چوو . . دوو دەستەکانی ماچ کردو پێی وت : «بمبوورە . . قەت داوای میرات ناکەم . . دەمم لێك ناکەمەوە . . تۆ برای گەورەمی و لە شوێن باوکمی . . بمبوورە ! !

گۆرینیش ، سەری برا بچووکەکەی ماچ کردو وتی : «دوای لەمرۆ بەکڕ بەکتریدا ناچین و پێکەوە دەژین . . یارمەتی یەکتری دەدەین . . لەوەی هەمانەو دەستمان دەکەوێت هی هەردووکمانە» .